# یادی بکەین یان لە یادی بکەین؟

# شۆڕشی خوێندکارانی 68

فردريك مەعتوق

لە عەرەبییەوە: شوان ئەحمەد



لە مێژووی گەلاندا ڕووداوگەلێك هەن كە زۆر بەقووڵی كاریگەریی لە سەر پێكهاتەی ژیاریی خۆیان جێ دێڵن، وەك چۆن ڕووداوی مێژووییش هەیە كە زۆر بەئاسانی تێدەپەڕن. ئایاری 1968 لە فەرەنسا لەو ڕووداوانەی جۆری یەكەمە و بۆ دوەمیشیان پێویست بە نموونە هێنانەوە ناكات، چونكە هەر زۆر زۆرە و مەڵبەندی ڕوودانیشان، ئەو پانتاییەیە كە لەمڕۆدا پێی دەگوترێت باشووری زەوی و ئێمەومانانیش سەربەوێین.

بەڵام لێرەدا پرسیارەكە ئەوەیە: (بۆچی هەندێ ڕووداو لای میللەتانێك دەرەنجامی دەبێت و لای هەندێكی دیكەش بێ ئاكام دەبێت؟). ئەوە پێوەندی بە ئامادەكاریی بابەتی قووڵەوە هەیە كە میللەتانێك لە گەڵیدا دەژین و پێشوازیی لێ دەكەن، لە كاتێكدا میللەتانی تر گوێی نادەنێ و دەرباسی نین.

لەم سەروبەندەدا دەشیا شۆڕشی فەرەنسیی (ساڵی 1789)، تەنها جەنگێكی ناوخۆیی بوایە. بۆ نموونە وەك شۆڕشەكانی لای خۆمان و وەرگۆڕاوە بۆ ئاشوب و ئاژاوەیەكی ناوخۆیی، وەلێ هۆشیاری و ویستی گەلی فەرەنسی، گۆڕییان بە ڕووداوێكی گرنگی مێژوویی كە دواتر كاریگەریی لە سەر تەواوی میللەتانی دنیا جێ هێشت.

كاریگەریی ئەو شۆڕشە بە ڕادەیەك بوو، تەنانەت سیستمە شاهنشاییەكانیش ناچار بوون، چەمكە نوێیەكانی شۆڕش لە ناو دەستووری وڵاتەكانیاندا جێ بكەنەوە. ساتەوەختی شۆڕشگێڕانەی كامڵ و چڕوپڕ، دەبێتە مایەی دروستكردنی گۆڕانكاری دوور مەودا، ئەمە لە كاتێكدا ڕاپەڕینی لەرزۆك و چروك، جگە لە خوێنڕشتن هیچی تری لێ سەوز نابێت.

ئان و ساتی شۆڕشی خوێندكارانی 68 وەك ئەوەی مێژوونووسانی هاوچەرخ پۆلێنی دەكەن، لە فەرەنسادا بە چركەساتێكی چارەنووسساز و بە دەستپێكی قۆناغێكی نوێ دادەنرێت. واتە دوای ئەو مێژوە ئەستەمە شتەكان وەك خۆیان نامێننەوە.

ئاخر فەرەنسای دوای ئایاری 68 لە هەموو ڕوویەكەوە، جیاوازە لە فەرەنسای بەر لەو مێژوە. گۆڕانكاریی ئەو قۆناغە، هەر تەنها لە سەر ئاستی سیاسی نەبوو. سەركەوتنی ئەو چركەساتە هاوچەرخە، كەم تا زۆر وەك سەركەوتنی شۆڕشی فەرەنسی وەهایە بەر لە دوو سەدە و هۆكارەكەیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە بە دوور لە كاریگەرییەكانی دەرەوە ڕووی دا. واتە لە هۆشیاریی گشتیی فەرەنسیدا (لە ناخی چینەكانی ناوەڕاست)دا پێگەیشتبوو، هەر بۆیە ڕوو لە گۆڕانكارییەكی هەمەلایەن بوو، گۆڕانكارییەك كە لە كاتی خۆیدا خوێندكاران هەڵگری بوون و جەختیان لێ دەكردەوە.

بۆ ئەوە هێندە بەسە زنجیرەی ڕووداوە یەك بەدوایەكەكانی ئەو قۆناغە بە سەر بكەینەوە، تا بۆمان دەر بكەوێت كە تەشەنەسەندنی ڕووداوەكان چەند بازنەیی و پێچپێچۆكەیی بوە، تا گەیشت بەوەی تەواوی كۆمەڵگەی فەرەنسی بگرێتەوە.

ڕووداوەكان بە گردبوونەوەیەك دژ بە ئیمپریالیزم دەستی پێ كرد كە لە ناو زانكۆی نانتێردا ڕێك خرابوو. هەر دوای ئەوە بەخێرایی زانكۆكانی تری پاریس، هاتنە سەر خەت و زانكۆی سۆربۆنیش یەكێك بوو لەوانە. ئەوە لە 2 ئایاری 1968دا بوو. بۆ ڕۆژی دواتر پۆلیس بە زەبری هێز بڵاوەی پێ كردن و بۆ ئەوەیش كوتەك و بۆمبی فرمێسكرێژیان بە كار هێنا. پاشان بڕیاری داخستنی زانكۆكان درا. ئەمە وای كرد چل و نۆ هەزار خوێندكاری فەرەنسی بێنە نێو شەقامەكان.

لە ڕۆژی 6 ئایار لە گەڕەكی لاتینی، كە گەڕەكی زانكۆكانە لە پاریس دەست بە گرتنی ڕێگەوبان و كوچە و كۆڵانەكان كرا و كەوتنە بەربەستدانان، ئەمە وای كرد پێكدادانی توند لە نێوان خوێندكاران و هێزەكانی پۆلیسدا دروست بێت و سەرەنجام 945 بریندار لێ كەوتەوە كە 345 پۆلیس بوون.

نارەزایەتییەکان تەنییەوە و گەیشتە بە شارەکانی (ستراسبۆرگ و نانت و ڕین و تۆلۆز)و هاوکات لە شارەکانی (لیۆن و دیجۆن)یش، کرێکاران هاتنە ڕیزی مانگرتوانەوە. لە 10 ئایاردا بە شەو، هێزەکانی پۆلیس کەوتنە پەلاماردانی ئەو بەربەستانەی خوێندکاران لە ناو جەرگەی پاریسدا دایان نابوون و لەو پێکدادانەیشدا 367 کەس بریندار بوون، کە بارودۆخیان مەترسیدار بوو. 251 کەس لە بریندارەکان پۆلیس بوون.

ڕۆژی دواتر سەندیکاکانی کرێکاران لە فەرەنسا داوای مانگرتنی سەرتاسەرییان کرد و ڕایان گەیاند کە پێوەندیی بە خۆپیشاندەرانەوە دەکەن. لە 13 ئایاردا خۆپیشاندانی گەورە ڕووی دا، کە خوێندکاران و کرێکاران پێکەوە تیایدا بەشدار بوون و شەقامەکانی پاریسیان تەنی و ژمارەیان شەش سەد هەزار خۆپیشاندەر دەبوو.

لەو خۆپیشاندانەدا دیارترین سەرکردەکانی بەرەی چەپ بەشدار بوون، لەوانە: (بیار مەندیس و فرانسوا مێتیران و گی مۆلێ و ڤالدیك-ڕۆسێ). لە 16 ئایاردا کۆمپانیاکانی ڕینۆ دەستیان لە کارکردن هەڵگرت و داوایان کرد، سەعاتی کارکردنیان کەم بکرێتەوە و مووچەکانیان زیاد بکرێت. لە 20 ئایاردا ڕاپرسییەك دەری خست کە 53% دانیشتوانی پاریس، لەگەڵ داواکاریی خۆپیشاندەراندان. ڕۆژێك دوای ئەوە بەهای فرەنکی فەرەنسی دابەزی، هەروەها سەرمایەداران سەرمایەکانیان دەگواستەوە بۆ بانکەکانی سویسرا. لە 24 ئایاردا و لە شاری لیۆن، یەکەم خۆپیشاندەر کوژرا. بەوە هێرش و پەلاماردان بۆ سەر بنکەکانی پۆلیس دەستیان پێ کرد و توندوتیژیی زۆر دروست بوو، کە 456 برینداری لێ کەوتەوە.

بۆ ڕۆژی دواتر دانووستان لە نێوان سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا و سەرانی سەندیکا و خوێندکاراندا دەستی پێ کرد و گەیشتنە چارەسەرێکی مامناوەند. لە 29 ئایار شارل دیگۆلی سەرۆکی فەرەنسا، هەڵهات بۆ بنکەیەکی سەربازی فەرەنسا لە ئەڵمانیا. پاشان گەڕایەوە بۆ پاریس، دوای ئەوەی دڵنیا بووەوە لەوەی سوپا پشتیوانیی لێ دەکات.

ڕووداوەکانی ئایاری 68 شێوازی گوزارشتکردنی نوێ و جیاوازی تێدا بە کار هات، هەروەها ترادسیۆنی بیرکردنەوەی ئازادانەی گەڕاندەوە بۆ فەزای گشتیی فەرەنسا و بۆ یادەوەریی میلیی پاریسییەکان، لە کاتێکدا ئەوە بە هۆی شەڕی بەردەوامی فەرەنسا لە دژی دراوسێکانی (جارێك ئینگلتەرا و جارێك ئەڵمانیا)، لاواز بووبوو.

وەلێ شێوازی بیرکردنەوەی ئازاد و ڕادیکاڵی فەرەنسایی کەژاك پریڤەری




**ساتەوەختی شۆڕشگێڕانەی کامڵ و چروپڕ، دەبێتە مایەی دروستکردنی گۆڕانکاری دوور مەودا، ئەمە لە کاتێکدا ڕاپەڕینی لەرزۆك و چروك، جگە لە خوێنڕشتن هیچی تری لێ سەوز نابێت**




**نمایشکردنی بەشێك لە پۆستەرە شۆڕشگێڕییەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی 1968ی فەرەنسا**

شاعیر بە چاکترین شێوە گوزارشتی لێ دەکات، لە نەریتی سیاسیی میللیی فەرەنسیدا خامۆش نەبووبوو، بەڵکوو ئاقارێکی تازەی گرتبووە بەر. ئەویش بریتی بوو لە دروستکردنی تۆڕی پێوەندی (کە تا ئەو کاتە بزر بوو)، لە نێوان خوێندکاران (واتە رۆشنبیران) و کرێکاراندا.

درووشمەکانی ئایاری 68 هەر هەمووی، زمانی میللی سەرچاوەکەیان بوو. دیوارەکان درووشمگەلێکیان لە سەر نووسرابوو، کە گوزارشتیان لە بیرکردنەوەیەکی گشتیی تازە دەکرد، بە زمانێکی نوێ و گشتییەوە. ئەمە کارئاسانیی زۆری کرد تا پریشکی خۆپیشاندانەکان، لە ناوەندە خوێندکاری و زانکۆکانەوە بپەڕێتەوە و بگات بە شەقام.

ئاخر کرێکاران و سەندیکاکانیان، هەر زوو بە هۆی روون و رەوانی ئەو زمانەی خۆپیشاندەران قسەیان پێ دەکرد، هەستیان کرد ئەوانەی ئەوان داوای دەکەن، دوور نییە لە داواکارییەکانی خۆیان، ئەمە وای کرد بەر لەوەی لە سەر شەقامەکاندا پێکەوە کۆ ببنەوە و بە یەك بگەن، لە سەر ئاستی درووشم و بڵاوکراوە و زمانی قسەکردن، نزیك ببنەوە، تێکەڵ ببن. سەرکەوتنی ئەو دوو لایەنە لە دۆزینەوەی زمانێکی هاوبەشدا، وای کرد ببێتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە و بەدیهێنانی داواکاریی خۆپیشاندەران بەگشتی.

دەسەڵات داوای هەفتەیەك درکی بە هەڵەی خۆی کرد و دوای ئەوەی زانکۆکانی داخست، پاشگەز بووەوە و داوای کرد، پرۆسەی خوێندن دەست پێ بکاتەوە. چونکە بۆی دەر کەوت بەو هەڵوێستەی بێئاگایانە نزیکەی چل هەزار خوێندکاری کوڕ و کچی، بەرەڵڵای نێو شەقامەکان کردووە و ئەوانیش بوونەتە ئامرازێکی لەبار بۆ ناڕەزایەتییەکان و بەکارهێنانیان لە لایەن کرێکاران و سەندیکاکانیانەوە.

زمانی خوێندکاران لەو دەمەدا زمانێکی راستەوخۆ بوو، زمانێکی روون و بێ پێچوپەنا و زۆر لەو زمانە دەچوو کە کرێکاران حەزیان پێی بوو. هەر بۆیە دەستبەجێ خوێندکاران و کرێکاران لێك نزیك بوونەوە. ئەمە لە کاتێکدا زمانی میدیای فەرمی لە جێیەکی تردا بوو. زمانێکی بە توێکڵ و پڕ پێچوپەناو، ئەوەندەی لە هەوڵی مێشکشۆرینەوەدا بوو، هێندە

نەیدەویست هاوڵاتییان بدوێنێت و قسەیان لەگەڵدا بکات.

لێرەوە خوێندکاران لە ڕووی گوزارشتکردن لە خواستەکانیان، بە سەر نووسەرانی دەسەڵاتدا سەر کەوتن، ئەو نووسەرانەی لە ناوەندی ڕاگەیاندنی فەرمیدا کاریان دەکرد. خوێندکاران داوایان دەکرد سیستمی پەروەردە و فێرکردنی کۆن بگۆڕێت کە بە کەڵکی سەردەمە نوێیەکان نەدەهات و لە بریی ئەوە سیستمێك بێتە ئارا کە ئازادی و دیموکراسیی تێیدا بێت.

لای خۆیشیانەوە کرێکاران داوای ئەوەیان دەکرد، کۆتایی بەو سستمی چەوساندنەوە و کاری زۆرەملێیە بهێنرێت، کە لە کارگەکانیاندا پەیرەو دەکرا و لە بریی ئەوە، دیموکراسی و یەکسانی بەرقەرار بکرێت. ڕاستە هەر یەکەیان (چ خوێندکاران و چ کرێکاران)، لە گۆشەنیگای تایبەتی خۆیانەوە دەیانڕوانی، بەشداریکردن سەبارەت بە خوێندکاران و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییش، دەرهەق بە کرێکاران.

بەڵام هەر دوو لایان و دوای هەفتەی یەکەمی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، گەیشتنە فۆرمەلاکردنی درووشمێکی نوێ، کە ئەویش هێنانەئارای فەرەنسایەکی نوێ بوو، فەرەنسایەك کە لە سەر پێوەدانگی تازە دامەزرابێت و بە دوور بێت لە میراتییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و دیگۆلیزم کە نوێنەرایەتی ئەو میراتییەی دەکرد.

لەو قۆناغەدا خوێندکاران، کرێکاران، چین و توێژەکانی تریش، هەستیان بەوە کرد کە کاتی ئەوە هاتووە فەرەنسا فەزا و ئەتمۆسفیری دوای دووەم جەنگی جیهانی جێ بهێڵێت و بە بیرکردنەوەیەکی نوێ و تێگەیشتنێکی جیاوازەوە، پێ بنێتە ناو نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە. دەسەڵاتداران لە قوتابخانەکەی دیگۆل، بەردەوام و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خەم و خولیای نەوەی دوەم جەنگی جیهانیان لە فەرەنسادا دووبارە دەکردەوە، هەرچی نەوەی نوێیشە (کە هۆکاری دووەم جەنگی جیهانی نەبوو)، پێویستی بە دیدگایەکی شارستانیی نوێ هەبوو، تا بتوانێت لە چوارچێوەی ئەودا داهاتووی خۆی دیاری بکات.

ئەم ڕەهەندە نوێخوازییە، دوای خەونی نەوە نوێیەکان (کە لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە زۆر سروشتییە)، دەسەڵاتدارانی ئەوسای فەرەنسا لێی حاڵی نەبوون. ئەوەی ئەوان پێیەوە سەرقاڵ بوون، پرس و باسی درێژکردنەوەی دەسەڵات بوو. بە هیچ جۆرێکیش دەربەستی خەون و ئارەزووی گۆڕانخوازانەی گەنجان نەبوون.

دەسەڵاتی دیگۆل لە بریی سەرکوتکردنی ئەو خەون و ئارەزوانە، گەر بیزانیایە بەچاکی مامەڵەیان لەتەکدا بکات، ئەوا چەندین کایەی جیاجیا لە ژیانی گشتیدا نوێ دەبوونەوە.

ڕاپەڕینی ئایاری 68 لە فەرەنسا، ڕاپەڕینێکی گەنجانە بوو. چونکە ئەوانەی لەو کاتەدا لە دەسەڵاتدا بوون، بە شێوەیەکی گەنجانە مامەڵەیان لەتەکدا نەکرد، بەڵکوو دەیانویست بە ڕێگەی نادیموکراسی و پۆلیسی بەری پێ بگرن.



*Charles de Gaulle*

تەنانـەت مەسـەلەکە دواجـار بـە سـەر دەسـەڵات خۆیشـیدا شـکایەوە و گەورەتریـن سـیمبولیان کـە ژەنـەراڵ شـارل دیگـۆل بـوو، ناچـار بـوو دەسـت لـە کار بکێشـێتەوە. دوای شکسـتهێنانی هەوڵەکانـی، بـۆ بادانـی باسـکی بزوتنـەوەی ناڕەزایەتییـەکان لـە بـەرواری 28 نیسـانی 1969دا.

دەسـەڵاتدارانی فەرەنسـا تەنها لـەو ڕوانگەیـەوە مامەڵەیـان لەگـەڵ ڕووداوەکانـی ئایـاری 68دا کـرد، کـە ڕووداوگەلێکـی سیاسـییە و هیچـی تـر. واتـە نەیانتوانی لـە ڕەهەنـدە سۆسیۆلۆژی و ژیارییـەی تـێ بگـەن، واتـە لـە کرۆکـە مەعریفییە پەنهانەکـەی بێئاگا بوون. هەر بۆیـە دواتـر باجەکەیانـدا. ئەمڕۆکـە چـی لەو ڕۆژە سـەختانە ماوەتـەوە کە فەرەنسا پێیـدا تێپـەڕی و نەیارانـی لـە بایـەخ و گرنگیـی کـەم دەکەنـەوە، لـە کاتێکـدا لایەنگرانـی جۆرێـك لـە قارەمانیەتـی و جەربەزەیـی بـە بـاڵادا دەبـڕن.

ئەڵبـەت کاریگەرییەکانـی ئـەو شۆڕشـە لـە سـەر ئاسـتی سـەندیکایی بـە دی دەکرێـت، لەگـەڵ چەنـد گۆڕانکارییەکـی یاسـاییدا وەك پرەنسـیپی بەشـداریکردن لـە ناوەنـدی ئەکادیمی و کرێـکاری (وەك یـەك) و هەروەهـا یاسـاگەلێکی نوێیـش دەر چـوو کـە ڕاسـتەوخۆ پێوەندیـی بـە ژیانـی فەرەنسـییەکانەوە هەبـوو.

ئاشکرایشـە سـەروەختێك بزاوتێکـی ناڕازی دەتوانێـت گۆڕانـکاری لـە یاسـاکاندا بـکات، ئـەوا نیشـانەی ئەوەیە ئامانجـی خـۆی پێـکاوە، چ لـە ئێسـتا و چ لـە داهاتـوودا. لـە سـەر ئاسـتی سیاسـی بزاوتـی ئایـاری 68، توانیـی هاوکێشـەکە بەتەواوەتـی هەڵبگێڕێتـەوە. بـۆ نموونـە لاپـەڕەی کۆنـی دوای دوەم جەنگـی جیهانیـی پێچایـەوە و لاپەڕەیەکـی نوێـی هەڵدایـەوە.

ئەمـە وای کـرد چـەپ لەگـەڵ فرانسـوا مێتێرانـدا (بـۆ دوو خولـی یـەك بـە دوای یـەك)، دەسـەڵات بگرێتـە دەسـت. مێتێـران خـۆی یەکێـك بـوو لەوانـەی لـە ئایاری 68 بەشـداریی فیعلیـی کـرد لـە خۆپیشـاندانەکاندا، شانبەشـانی خوێنـدکاران و کرێـکاران. لـە سـەر ئاسـتی کەلتـووری گشـتییش، شۆڕشـی 68 فەزایەکـی نوێـی لـە وڵاتـدا خوڵقانـد و بـواری ئـەوەی بـۆ خوێندکارانـی فەرەنسـی ڕەخسـاند، تـا متمانـە و بڕوابەخۆبـوون لـە دڵ و دەروونـی سـەرجەم لاوانـی فەرەنسـادا بچێنـن، لـە ئامادەییـەکان و لـە سـەرجەم کایـە جیاجیاکانـی تـری کۆمەڵگـەدا.

هەروەهـا ئامادەگیـی ئـەو نـەوە گەنجـە بسـەپێنن بـە سـەر نـەوەی باوانـی پێشـوودا کـە خاوەنـی بونیادێکـی پاتریار کیانەبـوو، بونیادێك کە دەسـتی خسـتبوە بینـی خـەون و خولیـای لاوان و هەمـوو دەشپێشـخەرییەکیانی زیندەبەچـاڵ دەکـرد، بـە بیانـووی ئـەوەی منـداڵ و کاڵفامـن.

ئـەم بزاوتـە چەپـڕە و بەرپرسـەی فەرەنسـا وای کـرد، پرسـی گـۆڕان و نوێبوونـەوە بـگات بـە گەنجـان لـە زۆربـەی زۆری وڵاتانـی فرانکۆفۆنـی. ئەمەیـش بـە جۆرێـك بـوو هەندێـك درووشـمی خۆپیشـاندانی خوێنـدکاران کـە لـە حەفتاکانـدا لـە بەیـروت بـە ڕێوە چـوو، ڕەنگدانـەوە و دەنگدانـەوەی باهـۆزی ئـەو شۆڕشـە خوێندکارییە بێـت کـە لـە شەسـتەکاندا لـە فەرەنسـاوە هەڵـی کـرد.

سـەرەنجام دەتوانیـن بڵێیـن: (ئایاری 68 بـۆ کۆمەڵگـەی فەرەنسـی دەسـتپێکێکی نـوێ بـوو، بـۆ دەرەوەی فەرەنسـایش هۆکارێکـی یارمەتیـدەر بـوو بـۆ یاخیبوونـی گەنجان و گوزارشـتکردن لـە خۆیـان). ئەڵبـەت ئـەو دەسـتکەوتانەی لـە فەرەنسـادا چنییـەوە، لـەو ئەزموونانـەی تـردا دووبارە نەبـوەوە کە ئیلهامیـان لـە ئایـاری 68 وەر گرتبـوو. وەلـێ ئەمـە بابەتێکـی دوورودرێـژی تـرە و دەمانباتـەوە سـەر ئـەوەی، ئێمـە ئەوسا لـە کوێدا بووین یاخـود دروست بڵێیـن ئێسـتا لـە کوێدایـن.

**سەرچاوە:**


فردريـك معتـوق: ثـورة مايـو 1968 في فرنسـا - لاپـەڕەی کلتـووری ڕۆژنامـەی (الحيـاة).